# چاوپێکەوتنێکی مێژوویی یان پاداشت ... ناسر تەها سولەیمان

بانگهێشکردن و دیداری بەڕێز کاك مەسعوود لەگەل جۆرج بۆش لەواشنتۆندا گرنگی فرەلایەنەی خۆی هەیەلەبواری سیاسی و ئابوریدا، لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەشدا. ئەو چاو پێکەوتنەهەم جێگای خۆشحاڵیەو هەم جێگای پرسیارێکی گەورەشە؟. بەش بەحاڵی خۆم وێنەی پڕ پێکەنین و دەس لەناو دەس و فلاشی بەردەم کامیراکان کارێکی ڕەواڵەتیەو هەرچەند گرینگ بێت، بەلاّم ناوەڕۆك زۆر گرینگترەو ئامانچیشە. کێشەی ئێمەی کوردیش ناوەڕۆکەکەی مافەکانی نەتەوەێکی چل ملیۆنیەو کەئەمڕۆ باشووری کوردستان بووەتەدەرگای ئەو مافانە. سەرۆکەکانی ئەمریکا لەگەل زۆر لەسیاسەتمەدارو ڕۆژنامەنووس و ئەکتەرو گۆرانی بێژو وەرزشکاردا کۆدەبنەوەوەلەکۆشکی سپیشدا، ئەمیش کەمکردن نیەلەدیداری بەڕێز کاك مەسعوود لەگەل جۆرج بۆش، بەلاّم بەمافی خۆمی ئەزانم بەچاوی گومانەوەتەماشای ڕوداوەکان بکەم تاکوو گرنتێکی نێونەتەوەیی بۆ گەلی کورد بەدەس ئەهێندرێت. جگەلەمەش چاوپێکەوتنەکانی پێشووتر لەگەل خەڵکانێکی پایەبەرزدا بوون بەلاّم ئەنجامەکانی لەئاستێکی نزمدا کۆتایی هات. کاك مەسعوود لەگەل مام جەلالدا دەس لەناو دەس بوون لەکۆبونەوەگەشتیەکاندا بەلاّم بەداخەوەبەشەری خویناوی کۆتایی هات، لەگەل مادلین ئۆلبێرت کۆبوونەوە، لەکۆی بیست و پێنچ خاڵی مۆرکراو تەنها خاڵی شەر نەکردن جێبەجێکرا، دەر ئەنجام گەندەڵی سیاسی و ئابوریی و کۆمەلاّیەتی بوو. کورد بریار بوو بەشداری یەکەم هەڵبژاردن نەکات بەلاّم بەکۆبوونەوەلەگەل بەرپرسی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکی (مستر ئەرمیتاج) وەپاش لێدانەکەی هەولێر ناچار بەشداربووین ناچاریش پێچەوانەی خواستوو ئارەزووی کورد بوو. کۆبوونەوەلەگەل خانمی (کۆ ندەلیزارایس) ئاغای خەلیل زلمای زادەبۆ بەشداری کردن و سەرخستەنی پرۆسەی هەڵبژاردن و ڕەشنووسی دەستووری هەمیشەیی دیسان بەحەزوو ئارەزووی شەقا می کورد نەبوو چونکەمایەی بەعەرب کرنی عیراق، دواخستنی مادەی 58، بەهەڵم بوونی ووشەی فیدرالی و، بەئیسلام کردنی عیراق، فەرامۆش کردنی ووشەی ئەنفال و کارەساتی هەڵەبجەو، گەرانەوەی بەعسیەکان، بەلاّم هێشتا کۆتایشی نەهاتووە!!!!!! ئەی ئەبێ ئەم چاوپێکەوتنەلەگەل جۆرج بۆش چی بەدواوەبێت ؟. ئەگەر چاوپێکەوتنێکی مێژوو یی بێت وەك باس دەکرێت ئەبێ ڕەنگدانەوەو تەرجەمەێکی واقعی و زەق و بەپەلەی لەسەر خاکی کوردستان و خەڵکی کوردستاندا بەدیبکرێت بەگەرانەوەی کاك مەسعوود بۆ کوردستان، کەئەویش خۆی لەم هەنگاوانەدا خۆی ئەبینێتەوە: دامەزراندنی حکومەتێکی شەر عی لەجیاتی حکومەتی سەوزو حکومەتی زەرد. دامەزراندنی پەرلەمانێکی نیشتمان پەروەر (وەتەنی) وەك ئەوەی کاك مەسعوود لەبەغدای داوا دەکات. دانانی سنوورێك بۆ ئەو بەرەلا یەی لەدەسەلاتدارانی کورد هەیەبەرامبەر بەخەڵکی کەرکوك بەتایبەتی کوردەکەی. ناردنەوەی عەرەبەهاوردەکان و گەرانەوەی کەرکووکیەکان بۆ جێگاو ڕێگای خۆیان بەقەرەبووکردنەوە. سەرژمێریکردن و هەڵبژاردنێکی شەفاف و نزیەلەکوردستاندا وەك خۆیان باسی لێدەکەن. بەدەنگێکی بەرزەوەکەکورد لەعیراقدا بەشێکەلەنەتەوەی کورد نەك بەشێکەلەعروبە، نەك وەك دەنگەکەی پەرلەمانی دەم چەقیوو. دامەزراندنی خەلك لەدەزگاکانی کوردستاندا بەپێی هێزوو توانای زانستی نەك پڕ کردنەوەی ئیستمارەی حزبی وەك سەردەمی بەعس، یا وەك بەعس کۆتاییمان نەیەت!!!!. بەردەوامیدان بەسیاسەتی

پاکتاوکردنی داموودەزگاکانی حزب و حکومەتی کوردی لەبەعسیەکان و فایلدارەکان و ئەنفالچیەکان. ئەم خالانەی سەرەوەهەرچەند تەمەنی هەندێکیان بۆ ساڵی 1992 دەگەرێتەوە، بەلام هیوادارم یەك لا بکرێتەوەلەبەرژەوەبدی گەلی کورد تاکوو گومانیش لەدلمان لاچێ و بەراستی هەست بکەین کەئەو دیدارەرووداوێکی مێژوویی یەبۆ گەلی کورد نەك پاداشتەبۆ بەرێز کاك مەسعوود بەهۆی هاوکاریکردن و سەرخستنی پروسەهەلبژاردن و دەستووری عیراق.

Nasir @ stofanet. dk 2005 / 11 / 10 دانمارك